# ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەكان لە گرینگی پێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان لە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

## (توێژینەوەیەكی هەڵێنجراو لە تێزی دكتۆرا)

ئاواز حسن اسماعیل١ پ.ی.د. لانه صابر سعید2 پ.ی.د.ئازاد احمد محمود3
[١] بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.
[٢] بەشی بەشی پەیوەندییە گشتییەكان، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی،سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.
[٣]كۆلێژی تەكنیكی كارگێری هەولێر ، زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەكان لە گرنگی پێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان لە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان) توێژینەوەیەكە پەیوەستە بەو ڕۆڵەی كەوا پەیوەندییە گشتییەكان دەیبینێت لە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بە جەماوەری نێودەوڵەتی لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە، لەبەرئەوەی ژینگەی پەیوەندییە گشتییەكان لە هەرێمی كوردستان ڕووبەڕووی گۆڕانكاری گەورە بۆتەوە لە تێكڕای بوارەكانی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوخۆییەوە، بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەكی زانستی ئەم ڕۆڵە دەخاتەڕوو. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی وەسفییە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی داتا و زانیاری وورد میتۆدی ڕووپێوی بەكارهێناوە. كۆمەڵگەی توێژینەوەكەش بریتییە لە كارمەندانی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، لەناو كۆمەڵگەی توێژینەوەكەدا نموونەی هەڕەمەكی مەبەستدار وەرگیراوە، ئەوانیش بەڕێوەبەرایەتییەكانی(كاروباری كارگێری، كاروباری پەرلەمان و لیژنەكان، ڕاگەیاندن، پرۆتۆكۆل، سەنتەری توێژینەوە) كە ژمارەیان (122) كارمەندە بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، گرینگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتووە پەیوەندییە گشتییەكان ڕۆڵی هەیە لە گرینگی پێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان بە جەماوەری نێودەوڵەتی، هەروەها بەشی پەیوەندییە گشتییەكان توانیویەتی پەیوەندییەكی پتەو دروست بكات لەگەڵ وولاتانی تردا.

**كلیلی وشەكان: ڕۆڵ، پەیوەندییە گشتییەكان، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان.**

## پێشەكی

پەیوەندییە گشتییەكان بەیەكێك لە جۆرەكانی پەیوەندیكردن دادەندرێت كە گرینگییەكی زۆری هەیە لە بنیاتنان و كارگێری و ناوبانگی دەزگاكان بە گشتی و دەزگا حكومییەكان بەتایبەتی لە ڕێگەی پرۆگرامێكی بەردەوام بۆ بنیاتنانی پردێكی پەیوەندی لە نێوان جەماوەری ناوەوە و دەرەوە.

بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی زانینی ئەركی پەیوەندییە گشتییەكان و ڕۆلی لە پتەوكردنی پەیوەندییە نێودەولەتییەكان دەدات لە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، كاركردنیان لەپێناو بەهێزكردنی پەیوەندی نێوان پەیوەندییە گشتییەكان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان. كارگێری كردنی پەیوەندی نێوانیان لە ڕێگەی جێبەجێكردنی ئەركەكانیان بەگشتی و گرینگی پێدانیان بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان بەتایبەتی، ئەم ئەركانەش گرینگییان هەیە لە دروستكردنی پردی پەیوەندی نێودەوڵەتی بۆ هەرێم.

لەگەڵ ئەوەشدا كاری پەیوەندییە گشتییەكان لە هەموو قۆناغەكاندا ئەركێكی هەستیارە چونكە هەموو هەنگاوەكان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ كاردەكاتە سەر دەزگاكانیان بۆیە هەرێمی كوردستان كە ئێستا خاوەنی پەرلەمانی كوردستان و حكومەتی هەرێمی كوردستانە واتە خاوەنی كیان و قەوارەی سیاسی و یاسای خۆیەتی كە ئەمانەش ڕێگە خۆشكەن بۆ ئەوەی چەندین توێژینەوەی ئەكادیمی و زانستی لەسەر ئەنجام بدرێت بەتایبەتی لە بواری پەیوەندییە گشتییەكاندا چونكە بە دەستنیشانكردنی كەم وكورییەكان و دیاریكردنی ڕێگا چارەكان بەشێوەیەكی ئەكادیمی و زانستی وا دەكات هەنگاوەكان بەرەو ئاراستەی پێشكەوتن و گەشەكردنی زیاتر بڕۆن.

### بەشی یەكەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەكە

#### یەكەم: ڕەهەندەكانی توێژینەوەكە:-

#### 1- كێشە و پرسیارەكانی توێژینەوە:

توێژەران پێیان وایە كێشەی توێژینەوە لە نادیاری ڕۆلی پەیوەندییە گشتییەكان لە پتەوركدنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان سەرچاوە دەگرێت، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەكی ڕوون كێشەی توێژینەوە بخەینەڕوو، هەوڵیاند داوە لە ڕێگەی چەند پرسیارێكەوە ئاماژە بە كێشەی توێژینەوەكە بكەین بریتییە لە:

1- ئەركی پەیوەندییە گشتییەكان چییە لە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان؟


ورقة بحث منتظمة: نشرت في 27 اكتوبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2020 اواز، د.لانة، د. ازاد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

2- ئایا پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵی هەبووە لەگرینگپێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان؟

3- ئایا بوونی پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان؟

4- ئایا پەیوەندییە گشتییەکانی سەرۆکایەتییەکان توانیویەتی پەیوەندییەکی پتەو دروست بکات لەگەڵ وولاتانی تردا؟

## 2- گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی لە چەند لایەن و بوارێکدا هەیە، یەکێك لە گرینگییەکانی توێژینەوەکە لە هەڵبژاردنی خودی بابەتەکەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا بوارێکی هەستیار و گرنگە توێژینەوەش لە بوارێکی وادا و لە شوێنێکی وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بێگومان گرنگی خۆی هەیە.

توێژەر دەیەوێت تیشك بخاتە سەر رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، هەوڵی دۆزینەوەی ئەرك و ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان دەدات، چونکە دۆزینەوەی ئەو رۆڵەی کەوا پەیوەندییە گشتییەکان دەیبینێت لە گرینگیپێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گرینگییەکی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەلیکترۆنی. لێرەدا بە زانینی لایەنە باش وخراپەکان و دیاریکردنی ئەو پاڵنەرانەی کەوا دەکات، لەسەر کڕینی کاڵا و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەک بڕیاربدات.

## 3- ئامانجەکانی توێژینەوە:

1- زانینی ئەرك و دۆزینەوەی کرۆکی ئەو ئەرکانەی کە پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پراکتیزەی دەکات لە پتەوکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

2- خستنەرووی ئەو رێکارانەی کەلە پەیوەندییە گشتییەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان رۆل دەبینێ لە گەشەکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

3- زانینی ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی ئاسانکاری پەیوەندییە گشتییەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ پەیوەندگیری نێودەوڵەتی بە جەماوەری نێودەوڵەتی.

4- دەرخستنی واقیعی پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

## دووەم: میتۆدی توێژینەوە:

توێژەر بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی، میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە پشتی بە رێبازی راپێوی (رووپێوی) بەستووە، کە تێیدا بۆچوون و تێروانینی دەستەبژێرێك لە کارمەندانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان وەك مشتەی مەبەستدار وەرگرتووە ، لێرەدا توێژەر ئامانجییەتی بگات بە پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکەی.

## سێیەم: کەرەستەکانی توێژینەوە:

گرنگترین ئەو کەرەستەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بریتیە لە فۆرمی راپرسی.

## چوارەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەو سامپڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە کارمەندانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا نموونەی هەرەمەکی مەبەستدار وەرگیراوە، ئەوانیش بەڕێوەبەرایەتییەکانی(کاروباری کارگێری، کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان، راگەیاندن، پرۆتۆکۆل، سەنتەری توێژینەوە) کە ژمارەیان (122) کارمەندە.

## پێنجەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

1- رۆڵ: ئاماژەیە بۆ ستانداردەکانی ڕەفتار یان ڕێساکان کە وەسفێکی دیاریکراوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئەرک، یان ئەدای پەیوەندییە گشتییەکان لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا لە بوارە جیاوازەکانی وەک پەروەردە، ڕاهێنان و هەواڵدا بەڕێوەدەبەن. (الشلبي، 1994)

2- پەیوەندییە گشتییەکان: هەوڵێکی کارگێری و بەڕێوەبردنە، بە ئامانجی تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان دامەزراوە و جەماوەردا، هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەوە لە نێوانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دامەزراوەکە، لەم توێژینەوەیەشدا مەبەستمان ئەو رۆڵەیە کە پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەیبینێت لە گرینگی پێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

3- پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لە پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان دەوڵەتەکان، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان یەکەو کۆمەڵەو گروپ ودەستەکانیش دەگرێتەوە بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان و ئالوگۆڕکردنی بیرۆکە وچالاکییەکانیان.

4- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان: ئەو دامەزراوەیەیە کە ئەرکی یاساداناانی لە ئەستۆیە بۆ گۆرەپانی کار و هەوڵ دەدات بۆ رەزامەندی لایەنە سیاسییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی خەلك و زیاتر کردنی باری خۆشگوزەرانی و بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری، و چاودێری هەموو کاروبارەکانی دەوڵەت دەکات بە گەورەترین و باڵاترین سەرچاوەی دەسەلاتی دەوڵەت دەژمێردرێت.

# بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم/ پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە حکومییەکاندا

### یەکەم/ چەمک و پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان:

پەیوەندی گشتی ئەرکێکی کارگێری دیاریکراوە، دەزگاکان لە هەوڵی ئەوەدان لەسەر بنەمای تێگەیشتن و هەماهەنگی جۆرێك لە پەیوەندی دروست بکەن لە گەڵ جەماوەر، دواتر هەوڵدەدات بۆ بەردەوامیدان بەو پەیوەندییە لە نێوان دەزگا و جەماوەرەکەی، لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدات دەزگاکان بەرپرسیارین بەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندی جەماوەر، لە لایەکی ترەوە بەدواداچوون بۆ گۆرانکارییەکان دەکات.

چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا سەریهەڵدا، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە سروشتی خۆی کائینێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە زۆر گرنگە لە کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەری هەبێت، ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندی هەردوولا، و گۆرینەوەی بیروڕا لەنێوانیان، بەمەش جۆرێك لە پەیوەندی گشتی دروست دەبێت لە پێناو زیاتر تێگەیشتن لەیەکتر. (الحاج الفضل الطاهر، 2014، ص47)

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکانی کردووە بەوەی کە "چالاکی هەر پیشەسازییەك، یاخود پیشە، یان حکومەتە لە دامەزراندن و

بەهێزکردنی پەیوەندییە باشەکانی نێوان خۆی و جەماوەرەکەی، وەکو کرپار و فەرمانبەرو بەشداریکارو کارکردن لەسەر گونجاندنی دامەزراوەکە بەپێی هەل و مەرجی ژینگەی دەوروبەر و پاشان روونکردنەوەی سیاسەتەکە بۆ کۆمەڵگا. (بشير العلاق2010، ص10)

ئیدوارد بیرنز(*) پێی وایە پەیوەندییە گشتییەکان کۆمەڵێك زانیاری پێشکەشکراوە بە جەماوەرو ڕازیکردنیان بەمەبەستی گۆڕینی ئاراستە و ڕەفتاریان، هەروەها هەوڵدان بۆ کارکردن لەسەر بەیەکەوە گرێدانی ئاراستە و ڕەفتارەکانی دەزگاکە لەگەڵ جەماوەرەکەی. (کۆوش مراد، 2007، ص208)

**دووەم/ ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە حکومییەکاندا**

**یەکەم/ ئەرکە کارگێڕییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان:**

ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت لە دامەزراوەکانی حکومەتدا، جا لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی یان نێودەوڵەتی، ئەوانیش پۆلێن کراون بۆ دوو جۆر ئەرك بریتیین لەمانەی خوارەوە: . (شدوان علي شيبة، 2016، ص47)

1- لێکۆڵینەوەی زانستی (Research): مەبەست لێی ئەو توێژینەوە جیاوازانەیە کە پەیوەستن بە پێوانەی ئاراستەکانی ڕای گشتی لە نێوان جەماوەری ناوەوە و دەرەوەی دەزگاکە، توێژینەوەی زانستی لە پەیوەندییە گشتییەکاندا بریتییە لە گەڕان بەدوای ڕاستییەکان و کۆکردنەوەی داتاکان و زانیارییە تایبەتەکانی و شیکردنەوەی هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر پەیوەندییەکانی نیوان دامەزراوەکە لەگەڵ جەماوەرە جۆراوجۆرەکانی. (علي همشري، 2001، ص325)

2- پلاندانان (Planing): مەبەست لێی وێناکردنی سیاسەتەکانی پەیوەندییە گشتییەکانە بۆ کتێبخانە یان بنکەی زانیارییەکان، ئەمەش بە دیاریکردنی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان، هەروەها جەماوەری ئامانجدار، و دیزاینکردنی پرۆگرامە ڕاگەیاندنەکان، و دیاریکردنی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردن و ئەنجامدانی چالاکییە جۆراوجۆرەکان.(محمد عبدة حافظ، 2009، ص37)

3- پەیوەندیکردن (Communication): مەبەست لێی جێبەجێکردنی پلان و پرۆگرامە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و پەیوەندیکردنە بە جەماوەری ئامانجدار، هەروەها گواستنەوەی زانیارییەکان و بیروڕاو ڕوونکردنەوەکان؛ لە ڕێگەی ئامرازی ڕاگایاندنی دیاریکراو. (ربحي مصطفى عليان و د. عدنان محمد الطوباسي، 2005، ص252)

4- هەماهەنگیکردن (Coordination): ئەرکی گونجاندن لە ڕەگەزە گرنگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانە، چونکە گونجاندن لە نێوان کارگێڕیی پەیوەندییە گشتییەکان و کارگێڕییەکانی تر لەناو دامەزراوەکە دەکرێت، ئەوەش لە پێناو گەیشتن بە دوا هەنگاو، بۆ هێنانەدی چالاکییە کاراو باڵاکانی دەزگاکە و بەمەبەستی سەرکەوتن و جەخت کردنەوە لە چالاکییەکان. (عبدالرزاق محمد الدليمي، 2005، ص44)

5- هەڵسەنگاندن (Evaluation): وێستگەی کۆتایی شێوازی کارکردنی پەیوەندییە گشتییەکانە و دەبێتە مایەی زانینی ئاستی تەواوی بەرنامەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و ئاستی پێداویستییەکانی جەماوەرە بە ئامانجکراوەکە، هەروەها بریتییە لە کرداری پشکنینی زانستییانەی هەڵەکان و هەڵسەنگاندنی بابەتییانەی دیاریکردنی لایەنە کەم و کوڕییەکان و خاڵە لاوازەکان. (محمد عبدالفتاح الصيرفي، د. أسامة كامل، 2006، ص52-53)

6- ڕێکخستن: بەیەکێك لە شێوازە گرنگەکانی بەدیهێنانی هەر چالاکییەك لە چالاکییە کۆمەڵیە ئامانجدارەکان دادەندرێت، پەیوەندییە گشتییەکانیش ناتوانێت ئامانجەکانی بەدیبهێنێت ئەگەر پەیوەست نەبێت بەبنەمای ڕێکخستن، ڕێکخستنیش بریتییە لە" ڕێکخستنی سەرچاوەی دارایی و مرۆیی و میکانیکی و شارەزایی تەکنیکی بە باشترین شێوە کە دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان لە کەمترین کاتدا و بە کەمترین هەوڵ و تێچوون. (عبدالرزاق الشيخلي، فخري جاسم سلمان، فضيلة صادق زلزلة، 1980، ص91)

7- بەدواداچوون: یەکێکە لەو شێوازانەی کە بەشدارە لە سەرکەوتنی کاری پەیوەندییە گشتییەکان و پێویستە زوو ئەجام بدرێت، بۆ ئەوەی هەر مەیلێك بۆ لادان لە ئامانجە دیاریکراوەکان دەستنیشان بکرێت و ڕێکارەکان زوو بگیرێتەبەر و، ئەمەش ئەوەیە کە پێی دەوترێت کۆنترۆڵی خۆپاریزی، و پرۆسەی بەدواداچوون دەبێت بەردەوام بێت لەگەڵ بەردەوامبوونی چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان. (علي جبار الشمري، 2011، ص71.)

8- ڕاهێنان: یەکێکە لەو شێوازانەی کە لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا بایەخێکی زۆری پێدراوە، چونکە کارامەیی و زانیاری و بیرۆکە بۆ کرێکاران دابین دەکات کە وایان لێدەکات بتوانن ئەو کارانەی پێیان سپێردراوە بە شێوەیەکی کارا ئەنجام بدەن. (زينة محمود أحمد، 2016، ص52)

9- سەرکردایەتیکردن: ڕێبازی پراکتیکی ڕێکخستنی چالاکی پەیوەندییە گشتییەکانە لەو بوارەدا، بەو پێیەی هونەری هاندانی تاکەکانە بۆ هاوکاریکردن لە گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش، هەروەها سەرکردایەتی کاریگەرتر و سەرکەوتووترە لە گەیشتن بە چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان ئەگەر لەسەر بنەمای قایلکردن و بەشداریکردن بێت. (علي جبار الشمري، 2011، ص56)

10- کارگێڕی: واتە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تر وە یارمەتیدانیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی کە پەیوەستە بە جەماوەر، هەروەها جێبەجێکردنی کاروباری ئەو کارمەندانەی کە کار دەکەن لە فەرمانگەی پەیوەندییەکان. (زياد محمد الشرمان و عبدالغفور عبدالسلام، 2001، ص31)

11- بەرهەمهێنان: ئەم ئەرکە لە بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە سینەماییانەدا دەردەکەوێت کە ئاراستەی جەماوەر دەکرێت دەربارەی جۆری بەرهەمی دەزگاکە چالاکی و تواناکانی و وە بەرهەمهێنانی فیلم بۆ کرێکاران لە دەزگاکە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی هۆشیارییان سەبارەت بە کاروباری دەزگاکەیان. (د. أسامة كامل و د. محمد الصيرفي، 2006، ص19)

دووەم/ **ئەرکەکانی پەیوەندیکردنی پەیوەندییە گشتییەکان:**

1- ئەرکی میدیا و زانیاری: ئامانجی ئەم ئەرکە ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیانە بە یاسا و سیستەمە حکومییەکان و ئەو پرۆژانەی جێبەجێکراون و ئەوانەی هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدرێت، هەروەها ئەو چالاکییە ڕۆتینیانەی کە بەرپرسە حکومییەکان ئەنجامی دەدەن.(علي عبودي نعمة الجبوري، 2016، ص37)

2- ئەرکی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە: ئەم ئەرکە زیاتر پرۆسەی هەواڵ و کۆکردنەوەی زانیاری لەخۆ دەگرێت، ئەم وەزیفەیە لە دەزگاکانی حکومەتدا بریتییە لە پێشکەشکردنی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی سیاسەت و بڕیارە جیاوازەکان، واتە

(*) کەسێکی نەمساوی ئەمریکی بوو، بە دامەزرێنەری پەیوەندییە گشتییەکان و پروپاگەندە دادەندرێت، پەرتوکی زۆری هەیە کە باس لە چۆنیەتی کۆنترۆلکردنی مێشکی گشتی دەکات، ئەم بیرۆکانەی بیرنز سەرنجی سەرۆکی پروپاگەندەی ئەڵمانی گۆبلزی ڕاکێشا بوو.

پێشکەشکردنی بیروڕای حکومەت و پاساوەکانی لە پێناو وێناکردنی سیاسەت و بڕیارێکی دیاریکراو. (عبدالرزاق الدلیمي، 2018، ص75)

3- ئەرکی قایلکردن: پەیوەندییە گشتییەکان لە هەموو چالاکییەکانیدا هەوڵ دەدات رای گشتی رازی بکات، بە پێویستی هەندێ کردار و گرتنەبەری سیاسەتی تایبەت، یان پەنابردن بۆ بڕیاری سروشتێکی تایبەت، کاتێك حکومەت هەندێ بڕیاری چارەنوسساز دەدات تیایدا هەوڵ دەدات هاوولاتیان رازی بکات بەو سیاسەت و بڕیارانە لە رێگەی روونکردنەوەی هەڵوێستەکانی. (محمد عبدالکریم یوسف، 17 اذار 2022)

4- ئەرکی بەڵگەنامەیی: ئەم ئەرکە بریتییە لە پرۆسەی بەڵگەنامەکردنی لایەنە ئیدارییە حکومییەکان کە لە دام و دەزگاکاندا کاری پێدەکرێت، بریتییە لە پاراستن و پۆلێنکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان، یاساکان، بڕیارە حکومییەکان.(سجی کۆکزة، 4 نوفمبر 2022)

5- ئەرکی ئاسانکاری و تەشریفاتی: ئەم ئەرکە بەرپرسیارێتی دامەزراوەکە لەخۆ دەگرێت بەرامبەر بەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا کاردەکات، جگە لەبەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری و بەدەستهێنانی قازانج. (ان غرینوری، 2008، ص42)

**تەوەری دووەم/ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە دامەزراوە حکومییەکاندا:**

یەکەم/ **چەمك و پێناسەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:**

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پەیوەندییەکی کۆنە و لە پێش دروست بوونی دەوڵەت ئەم پەیوەندییە هەر هەبووە، بەڵام بەم دواییانە وەکو زانستێکی سەربەخۆ لە چاو زانستەکانی تری وەکو زانستی کۆمەڵایەتی پەیدابوو. ولایەتەیەککرتووەکانی ئەمریکا لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زانستە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەم زانستە رازی بوو، لە زانکۆکان گرینگی پێدراو و خوێندرا.

چەمکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان چەمکێکی زۆر فراوانە لە بەکارهێنانیدا کە نەك تەنها پەیوەندی نێوان وولاتان دەگرێتەوە، بەڵکو پەیوەندی نێوان وولاتان و رێکخراوەکانیش دەگرێتەوە، وەك کلێساو، رێکخراوە مرۆییەکان و کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان، پەیوەندییەکانی نێوان ولاتان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك نەتەوەیەککرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا. (بول ویلکینسون، 2013، ص9)

هەندێك لە شارەزایانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەڵێن: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەمانای ئەو هێزە سەرەکییانە دێن کەوا زۆرترین کاریگەرییان هەیە لە سیاسەتی دەرەوە. (غیریسون کیرك و والتر شارب، راجع د. ناصیف یوسف حتي، 1985، ص8)

بەڵام نووسەر (نیکۆلاس سبیکمان)(*)پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بەم شێوەیە پێناسەی کردووە کەوا پەیوەندی نێوان سەرجەم تاکەکان سەر بە وولاتانی جیاوازە و رەفتاری نێودەوڵەتی و کۆمەڵایەتی خەڵکە یان کۆمەڵێك خەڵکی ئامانجدارن کاریگەرییان لەسەر بوون یان رەفتاری تاکەکان یان گروپ یان کۆمەڵەکانی سەربە وولاتانی تر هەیە. (د. أشواق عباس، 2020، ص2)

ئینسکلۆپیدیای سیاسی پێناسەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کردووە پێی وایە: بەشێکە لە زانستی سیاسەت کە هەموو پرەنسیپ و بنەما و یاسا و کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییەکان دەگرێتەوە، لە نێوان ئەندامانی دەوڵەت، هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەگرێتەوە لەسەرجەم بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و یاسایی. (باسل هلیل خضر، 2014، ص27)

دووەم/ **هاوبەشی و جیاوازییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:** (عمر حسن فهمي سعید الحیدري، 2006، ص42-43)

لەرووی هاوبەشییەکانەوە پەیوەندییە گشتییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زانستێکی تارادەیەك مۆدێرنن، هەردووکیان گرنگی بە ئامرازی تێبینی کردن و شیکردنەوە دەدەن، هەروەها ئامرازەکانی پەیوەندیکردنیش بەکاردەهێنن، و پشت بە زانستەکانی تر دەبەستن لەئەنجامدان و راپەراندنی کارەکانیان بەتایبەتی زانستی پەیوەندیکردن و زانستی کۆمەڵناسی، بەردەوامبوونیان لە کارەکانیان پێوە دیارە هەروەها سوود لە پێشکەوتن و گەشەسەندنەکانی تەکنولوژیا وەردەگرن.

1- لە رووی جیاوازییەوە پەیوەندییە گشتییەکان پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان دەگرێتەوە، بەڵام پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان دەگرێتەوە.

2- پەیوەندییە گشتییەکان گرینگی بە بەرژەوەندییەکانی تاك و دەزگاکان دەدات، بەڵام پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گرینگی بە بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەدات.

3- پەیوەندییە گشتییەکان پارێزگاری لە تێگەیشتن و رازی بوونی دەزگا و جەماوەرەکەی دەکات، بەڵام پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەڵدەستێ پارێزگاری کردن لە تێگەیشتن و رازی بوون لە نێوان دەوڵەتەکاندا.

4- پەیوەندییە گشتییەکان پشت بە رای گشتی دەزگا و جەماوەرەکەی دەبەستێت، بەڵام پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پشت بە رای گشتی نێودەوڵەتی دەبەستێت.

5- پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە هەندێك کاتدا ئامرازی سەربازی بەکاردەهێنێت لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی، بەڵام پەیوەندییە گشتییەکان ئەمە بەکارناهێنێت.

6- دیبلوماسییەت بەشێکی دانەبڕاوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام پەیوەندییە گشتییەکان لەنێو ستراتیژیەتەکانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشت بە دیبلۆماسیەت دەبەستێت.

7- پەیوەندییە گشتییەکان گرینگی بە کاروباری ناوەوە و دەرەوەی دەزگا دەدات، بەڵام پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گرینگی بە سیاسەتی دەرەوە دەدات.

8- پەیوەندییە گشتییەکان گرینگی بە قەبارەی کارکردن و بواری کارکردنی دەزگا و رێکخراو و قەبارەی ئەو جەماوەرە دەبەستێت کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، بەڵام پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پشت بە فاکتەرە جوگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان دەبەستێت بۆ جێبەجێکردنی کاروباری نێودەوڵەتی.

9- پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پشت بە میدیای نێودەوڵەتی دەبەستێت لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن، بەڵام پەیوەندییە گشتییەکان پشت میدیای نێوخۆیی دەبەستێت.

10- میکانیزمی کاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان فرەجۆرترە لە میکانیزمی کاری پەیوەندییە گشتییەکان.

11- لێکەوتە و دەرئەنجامی پرۆسەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان قورس و کاریگەرترە لە لێکەوتەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر مرۆڤایەتی.

12- ئامانجی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەك پرۆسەیەکی بەردەوام فراوانترە لە ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان.

* زانایەکی سیاسی ئەمریکی بووە، بەیەکێك لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی واقعی کلاسیکی دادەنرێت، گرنگی بە بیرۆکەی سیاسی بۆ رۆژهەڵاتی ئەوروپا داوە، مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بووە لە پەیمانگەی نێودەوڵەتی لە زانکۆی یێل. نیکولاس سبیکمان - ویکیبیدیا ((wikipedia.org

13- جوگرافیای کاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان فراوانتر و جیهانیترە لە پەیوەندییە گشتییەکان، کە زیاتر جوگرافیای لۆکاڵی مەودای کارکردنیەتی.

14- بەرکەوتووانی پرۆسەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وڵاتان و دەستەبژێری نێودەوڵەتین، بەڵام بەرکەوتووانی پەیوەندییە گشتییەکان زیاتر دەزگا و دەستەبژێری نێوخۆین.

15- سیاسەت و دیپلۆماسیەت و ئابووری پێکهێنەری سەرەکی بزاڤی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، بەڵام پەیوەندییە گشتییەکان واری بزاڤی تەسکترە، زیاتر جموجۆڵی تاک و کۆمپانیا و دامودەزگاکان لەسنورێکی دیارکراو دەگرێتەوە.

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی

### شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی و خستنەڕووی زانیارییەکانی توێژینەوە

1/ ڕاستی جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی

**خشتەی (1) ڕاستی جێگیری (مقايس كرونباخ الفا)**

| پێوەری گشتی | بەهای جێگیری( مقایس کرونباخ الفا ) |
|---|---|
| مقایس کرونباخ الفا | 0.940 |

نەخشەی (1) زانیاری تایبەت ڕاستی جێگیری (مقایس کرونباخ الفا) بۆ پرسیارەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی، دەردەکەوێت بەهای جێگیری بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێگەی (مقایس کرونباخ الفا) دەکاتە (0،940) کە گەورەترە لە بەهای ( 0،65) دەردەخات بەهایەکی باش دەردەخات، ئاماژەیە بۆ جێگیری باش لە پرسیارەکاندا.

## تەوەری یەکەم: زانیاریە دیمۆگرافیەکان

**خشتەی (٢) ڕوونی دەکاتەوە زانیارییە دیمۆگرافیەکان**

| زانیاریە دیمۆگرافیەکان | | Fr.(%) | پلە بەندی | زانیارییە دیمۆگرافیەکان | | Fr.(%) | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 86(70.5) | یەکەم | تەمەن (ساڵ) | ٢٠ – ٣٠ | 35(28.7) | دووەم |
| | مێ | 36(29.5) | دووەم | | ٣١ – ٤٠ | 61(50.0) | یەکەم |
| ساڵانی خزمەت (ساڵ) | ١ – ٥ | 49(40.2) | یەکەم | | ٤١ – ٥٠ | 18(14.8) | سێیەم |
| | ٦ – ١١ | 33(27.0) | سێیەم | | ٥١ ساڵ و زیاتر | 8(6.6) | چوارەم |
| | ١٢ ساڵ و زیاتر | 40(32.8) | دووەم | ئاستی خوێندن | دکتۆرا | 9(7.4) | چوارەم |
| ناونیشانی کارگێری | فەرمانبەر | 71(58.2) | یەکەم | | ماستەر | 17(13.9) | سێیەم |
| | بەڕێوەبەر | 28(23.0) | دووەم | | بەکالۆریۆس | 61(50.0) | یەکەم |
| | بەرپرسی هۆبە | 9(7.4) | سێیەم | | دبلۆم | 25(20.5) | دووەم |
| | بەرپرسی پرۆتۆکۆڵ | 12(9.8) | چوارەم | | ئامادەیی | 8(6.6) | پێنجەم |
| | ئیتر | 2(1.6) | پێنجەم | | سەرەتایی | 2(1.6) | شەشەم |
| کۆی گشتی | | 122(100.0) | | کۆی گشتی | | 122(100.0) | |

تێبینی // (Fr. : Frequency) دووبارە بوونەوە

**خشتەی (٢) ڕوونی دەکاتەوە زانیارییە دیمۆگرافیەکان:** دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی ڕەگەز بریتییە لە ڕەگەزی (نێر) دەگاتە ڕێژەی (70.5%) لە کاتێکدا ڕێژەی ڕەگەزی (مێ) دەگاتە (29.5%)، بە ڕێژەی (40.2%) بەرتوێژان لە نێوان (1-5) ساڵ خزمەتیان هەیە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە بەئاستی یەکەم دادەنرێت، هەروەها بە ڕێژەی (32.8%) بەرتوێژان لە (12 ساڵ و زیاتر) ساڵ خزمەتیان هەیە کە بەئاستی دووەم دادەندرێت تەنها بەڕێژەی (27.0%) بەرتوێژان لەنێوان (6-11) ساڵ خزمەتیان هەیە کە بەئاستی کۆتایی دادەندرێت. بەڕێژەی (58.2%)بەتوێژان ناونیشانیان بریتییە لە (فەرمانبەر) کە بەئاستی یەکەم دادەندرێت لەکاتێکدا بەڕێژەی (23.0%) ناونیشانیان بەڕێوەبەرە. بەرزترین ئاستی تەمەن بریتییە لە تەمەنی نێوان (20-30) ساڵ کە بە ئاستی یەکەم دادەندرێت کە بەڕێژەی (50.0%) هەروەها ئاستی دووەم لە (تەمەن) بریتییە لەتەمەنی نێوان (31-40) ساڵ بە ڕێژەی (28.7%) لە کاتێکدا نزمترین ئاستی تەمەن بریتییە لە تەمەنی (51 ساڵ و زیاتر) ساڵ بەڕێژەی (14.8%)، بەرزترین جۆری بڕوانامە بریتییە لە بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) کە بە ئاستی یەکەم دادەندرێت کە بەڕێژەی (50.0%) هەروەها ئاستی دووەم بریتییە لە بڕوانامەی (دبلۆم) کە بەڕێژەی (20.5%) لە کاتێکدا نزمترین ئاستی بڕوانامە بریتییە لە بڕوانامەی (سەرەتایی) کە بەڕێژەی (1.6%)

## تەوەرەی دووەم/ پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان:

خشتەی (٣) ڕوونی دەکاتەوە ئاستی پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

| بڕگەکان | | زۆر لەگەڵیانیم | لەگەڵیانیم | نازانم | لەگەڵیام | زۆر لەگەڵیام | ناوەندە ژمارەیی Mean | لادانی پێوانەیی S.D | گرنگی ڕێژەیی RI | ئەنجام Result |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکەتان توانیویەتی پەیوەندییەکی باش دروست بکات لە نێوان دامەزراوەکەتان و جەماوەری نێودەوڵەتی | ژ | 6 | 23 | 28 | 52 | 13 | 3.35 | 1.06 | 67.05 | نازانم |
| | % | 4.92 | 18.85 | 22.95 | 42.62 | 10.66 | | | | |
| پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوەکەتاندا کاریگەری هەبووە لەسەر پێشخستنی ئاستی پەیوەندی کردن بە جەماوەری نێودەوڵەتی | ژ | 4 | 35 | 27 | 42 | 14 | 3.22 | 1.09 | 64.43 | نازانم |
| | % | 3.28 | 28.69 | 22.13 | 34.43 | 11.48 | | | | |
| چالاکیی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکەتاندا سنووردارە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کاری پرۆتۆکۆڵ و مراسیم | ژ | 3 | 20 | 25 | 52 | 22 | 3.57 | 1.04 | 71.48 | نازانم |
| | % | 2.46 | 16.39 | 20.49 | 42.62 | 18.03 | | | | |
| هەوڵەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوکەتاندا کاریگەرن لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەکەتان | ژ | 7 | 30 | 37 | 32 | 16 | 3.16 | 1.12 | 63.28 | نازانم |
| | % | 5.74 | 24.59 | 30.33 | 26.23 | 13.11 | | | | |
| کۆی گشتی | ژ | 20 | 108 | 117 | 178 | 65 | 3.33 | 1.08 | 66.56 | نازانم |
| | % | 4.10 | 22.13 | 23.98 | 36.48 | 13.32 | | | | |

پێوەری لیکارت بۆ (5) بژاردەیی : (1.0- 1.79: زۆر لەگەڵیدانیم)، (1.80- 2.59: لەگەڵیدانیم)، (2.60- 3.39: نازانم)، (3.40- 4.19: لەگەڵیدام)، (4.20- 5.0: زۆر لەگەڵیدام)

**ڕوونی دەکاتەوە بەشێوەیەکی گشتی (ئاستی پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان) لە (٤) پرسیار پێکدێت:** دەردەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (٤) پرسیار کە ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (زۆر لەگەڵیدانیم) دەکاتە (4.1%)، ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (لەگەڵیدانیم) دەکاتە (22.13%)، هەروەها ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (نازانم) دەکاتە (23.98%)، لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (لەگەڵیدام) دەکاتە (36.48%)، ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (زۆر لەگەڵیدام) دەکاتە (13.32%) بۆ پرسیاریەکانی (ئاستی پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان) لە کاتێکدا دەردەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (٤) پرسیارەکە ناوەندی ژمارەیی کیشکراو (الوسط الحسابي الموزون – Weight mean) بریتیە لە (333%) کە دەریدەخات ئەنجامی ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە کە بەگوێرەی (مقایسی لیکارت الخماسی) ئەنجامی دەکاتە (نازانم) هەروەها کە گرنگی ڕێژەییەکەشی (Relative Important) بۆ ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە دەکاتە (66.56%) گرنگی ڕێژەیی هەیە لەلای بەرتوێژانەوە هەروەها لادانی پێوانەیی دەکاتە (1.08).

خشتەی (٤) ڕوونی دەکاتەوە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

| ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان | هەرگیز | کەمجار | دڵنیانیم | زۆرجار | هەمیشە | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەیی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ / % | ژ / % | ژ / % | ژ / % | ژ / % | Mean | S.D | RI | Result |
| باشترکردنی وێنای هەرێم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا | 4 | 5 | 16 | 40 | 57 | 4.16 | 1.02 | 83.11 | زۆرجار |
| | 3.28 | 4.10 | 13.11 | 32.79 | 46.72 | | | | |
| باشترکردنی ناوبانگی هەرێم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا | 6 | 11 | 18 | 49 | 38 | 3.84 | 1.12 | 76.72 | زۆرجار |
| | 4.92 | 9.02 | 14.75 | 40.16 | 31.15 | | | | |
| ڕواندنی هەستی ئینتیمای نیشتیمانی لای هاووڵاتیان | 10 | 17 | 32 | 34 | 29 | 3.45 | 1.23 | 69.02 | زۆرجار |
| | 8.20 | 13.93 | 26.23 | 27.87 | 23.77 | | | | |
| بەدەستهێنان و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتان | 5 | 21 | 30 | 34 | 32 | 3.55 | 1.17 | 70.98 | زۆرجار |
| | 4.10 | 17.21 | 24.59 | 27.87 | 26.23 | | | | |
| چالاککردنی پەیوەندی لەگەڵ گەلانی بیانی | 6 | 21 | 23 | 38 | 32 | 3.58 | 1.20 | 71.50 | زۆرجار |
| | 5.00 | 17.50 | 19.17 | 31.67 | 26.67 | | | | |
| بەدەستهێنانی متمانەی گەلانی بیانی | 12 | 17 | 18 | 44 | 31 | 3.53 | 1.28 | 70.66 | زۆرجار |
| | 9.84 | 13.93 | 14.75 | 36.07 | 25.41 | | | | |
| کۆی گشتی | 43 | 92 | 137 | 239 | 219 | 3.68 | 1.17 | 73.67 | زۆرجار |
| | 5.89 | 12.60 | 18.77 | 32.74 | 30.00 | | | | |

پێوەری لیکارت بۆ (5) بژاردەیی : (1.0– 1.79: هەرگیز)، (1.80– 2.59: کەمجار)، (2.60– 3.39: دڵنیانیم)، (3.40– 4.19: زۆرجار)، (4.20– 5.0: هەمیشە)

**ڕوونی دەکاتەوە بەشێوەیەکی گشتی (جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان) لە (٦) پرسیار پێکدێت:** دەردەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (٦) پرسیارەکە ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (هەرگیز) دەکاتە (%5.89)، ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (کەمجار) دەکاتە (%12.6) هەروەها ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (دڵنیانیم) دەکاتە (%18.77) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (زۆرجار) دەکاتە (%32.74)، ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (هەمیشە) دەکاتە (%30.0) بۆ پرسیاریەکانی (جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی.

لە کاتێکدا دەردەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (٦) پرسیارە کە ناوەندی ژمارەی کێشکراو (الوسط الحسابي الموزون – Weight mean) بریتیە لە (%368) کە دەریدەخات ئەنجامی ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە کە بەگوێری (مقایسی لیکارت الخماسی) ئەنجامی دەکاتە (زۆرجار) هەروەها کە گرنگی ڕێژەیەکەشی (Relative Important) بۆ ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە دەکاتە (%73.67) گرنگی ڕێژەیی هەیە لەلای بەرتوێژانەوە هەروەها لادانی پێوانەیی دەکاتە (1.17).

خشتەی (٥) ڕوونی دەکاتەوە ئەرکەکانی پەیوەندیکردن لە پەیوەندییە گشتییەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

| ئەرکەکانی پەیوەندیکردن | هەرگیز | کەمجار | دڵنیانیم | زۆرجار | هەمیشە | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەیی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ / % | ژ / % | ژ / % | ژ / % | ژ / % | Mean | S.D | RI | Result |
| ئەرکی میدیا و زانیاری | 1 | 12 | 7 | 45 | 57 | 4.19 | 0.98 | 83.77 | زۆرجار |
| | 0.82 | 9.84 | 5.74 | 36.89 | 46.72 | | | | |
| ئەرکی لێکۆڵینەوە | 2 | 13 | 24 | 60 | 23 | 3.73 | 0.95 | 74.59 | زۆرجار |
| | 1.64 | 10.66 | 19.67 | 49.18 | 18.85 | | | | |
| ئەرکی ئاپلکردن | 6 | 15 | 26 | 34 | 41 | 3.73 | 1.19 | 74.59 | زۆرجار |
| | 4.92 | 12.30 | 21.31 | 27.87 | 33.61 | | | | |
| ئەرکی دۆکیومێنتاری (بەڵگەنامەیی) | 5 | 18 | 20 | 54 | 25 | 3.62 | 1.09 | 72.46 | زۆرجار |
| | 4.10 | 14.75 | 16.39 | 44.26 | 20.49 | | | | |
| ئەرکی ئاسانکاری وتەشریفاتی | 10 | 11 | 21 | 43 | 37 | 3.70 | 1.22 | 74.10 | زۆرجار |
| | 8.20 | 9.02 | 17.21 | 35.25 | 30.33 | | | | |
| کۆی گشتی | 24 | 69 | 98 | 236 | 183 | 3.80 | 1.09 | 75.90 | زۆرجار |
| | 3.93 | 11.31 | 16.07 | 38.69 | 30.00 | | | | |

پێوەری لیکارت بۆ (5) بژاردەیی : (1.0– 1.79: هەرگیز)، (1.80– 2.59: کەمجار)، (2.60– 3.39: دڵنیانیم)، (3.40– 4.19: زۆرجار)، (4.20– 5.0: هەمیشە)

**ڕوونی دەکاتەوە بەشێوەیەکی گشتی (ئەرکەکانی پەیوەندیە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان) لە (٥) پرسیار پێکدێت:** دەردەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (٥) پرسیارەکە ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (هەرگیز) دەکاتە (%3.93)، ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (کەمجار) دەکاتە (%11.31) هەروەها ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (دڵنیانیم) دەکاتە (%16.07) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (زۆرجار) دەکاتە (%38.69)، ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (هەمیشە) دەکاتە (%30.0) بۆ پرسیارەکانی (ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان) بەشێوەیەکی گشتی.

لە کاتێکدا دەردەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (٥) پرسیارەکە ناوەندی ژمارەی کێشکراو (الوسط الحسابي الموزون – Weight mean) بریتیە لە (3.8) کە دەریدەخات ئەنجامی ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە کە بەگوێری (مقایسی لیکارت الخماسی) ئەنجامی دەکاتە (زۆرجار) هەروەها کە گرنگی ڕێژەییەکەشی (Relative Important) بۆ ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە دەکاتە (%75.9) گرنگی ڕێژەیی هەیە لەلای بەرتوێژانەوە هەروەها لادانی پێوانەیی دەکاتە (1.09)

خشتەی (٦) ڕوونی دەکاتەوە جێبەجێکردنی ئەرکە کارگێڕییەکان لە پەیوەندییە گشتییەکانی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

| ئەرکە کارگێڕییەکان | هەرگیز | کەمجار | دڵنیانیم | زۆرجار | هەمیشە | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەیی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ / % | ژ / % | ژ / % | ژ / % | ژ / % | Mean | S.D | RI | Result |
| توێژینەوەی زانستی | 7 | 10 | 13 | 41 | 51 | 3.98 | 1.17 | 79.51 | زۆرجار |
| | 5.74 | 8.20 | 10.66 | 33.61 | 41.80 | | | | |
| پلاندانان | 6 | 7 | 24 | 58 | 27 | 3.76 | 1.02 | 75.25 | زۆرجار |
| | 4.92 | 5.74 | 19.67 | 47.54 | 22.13 | | | | |
| ڕێکخستن | 8 | 7 | 29 | 52 | 26 | 3.66 | 1.08 | 73.28 | زۆرجار |
| | 6.56 | 5.74 | 23.77 | 42.62 | 21.31 | | | | |
| سەرکردایەتیکردن | 10 | 13 | 22 | 49 | 28 | 3.59 | 1.19 | 71.80 | زۆرجار |
| | 8.20 | 10.66 | 18.03 | 40.16 | 22.95 | | | | |
| هەماهەنگیکردن | 12 | 6 | 20 | 56 | 28 | 3.67 | 1.17 | 73.44 | زۆرجار |
| | 9.84 | 4.92 | 16.39 | 45.90 | 22.95 | | | | |
| پەیوەندیکردن | 2 | 15 | 24 | 54 | 27 | 3.73 | 1.00 | 74.59 | زۆرجار |
| | 1.64 | 12.30 | 19.67 | 44.26 | 22.13 | | | | |
| بەدواداچوون | 4 | 12 | 30 | 45 | 31 | 3.71 | 1.06 | 74.26 | زۆرجار |
| | 3.28 | 9.84 | 24.59 | 36.89 | 25.41 | | | | |
| هەڵسەنگاندن | 6 | 16 | 25 | 45 | 30 | 3.63 | 1.14 | 72.62 | زۆرجار |
| | 4.92 | 13.11 | 20.49 | 36.89 | 24.59 | | | | |
| ڕاهێنان | 4 | 14 | 27 | 52 | 25 | 3.66 | 1.03 | 73.11 | زۆرجار |
| | 3.28 | 11.48 | 22.13 | 42.62 | 20.49 | | | | |
| کارگێڕی | 7 | 9 | 28 | 51 | 27 | 3.67 | 1.08 | 73.44 | زۆرجار |
| | 5.74 | 7.38 | 22.95 | 41.80 | 22.13 | | | | |
| بەرهەمهێنان | 17 | 20 | 26 | 37 | 22 | 3.22 | 1.31 | 64.43 | دڵنیانیم |
| | 13.93 | 16.39 | 21.31 | 30.33 | 18.03 | | | | |
| کۆی گشتی | 83 | 129 | 268 | 540 | 322 | 3.66 | 1.11 | 73.25 | زۆرجار |
| | 6.18 | 9.61 | 19.97 | 40.24 | 23.99 | | | | |

پێوەری لیکارت بۆ (5) بژاردەیی : (1.0– 1.79: هەرگیز)، (1.80– 2.59: کەمجار)، (2.60– 3.39: دڵنیانیم)، (3.40– 4.19: زۆرجار)، (4.20– 5.0: هەمیشە)

**ڕوونی دەکاتەوە بەشێوەیەکی گشتی (جێبەجێکردنی ئەرکە کارگێڕییەکان لە پەیوەندییە گشتییەکانی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان) لە (١١) پرسیار پێکدێت:** دەردەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (١١) پرسیارەکە ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (هەرگیز) دەکاتە (%6.18)، ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (کەمجار) دەکاتە (%9.61) هەروەها ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (دڵنیانیم) دەکاتە (%19.97)، لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (زۆرجار) دەکاتە (%40.24)، ڕێژەی وەڵام دانەوەی بۆ بژاردەی (هەمیشە) دەکاتە (%23.99) بۆ پرسیاریەکانی (جێبەجێکردنی ئەرکە کارگێڕییەکان لە پەیوەندییە گشتییەکانی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان) بەشێوەیەکی گشتی.

لە کاتێکدا دەردەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (١١) پرسیارەکە ناوەندی ژمارەی کێشکراو (الوسط الحسابي الموزون – Weight mean) بریتیە لە (3.66)، کە دەریدەخات ئەنجامی ئەم پرسیارە لەلایەن بەرتوێژانەوە کە بەگوێری (مقایسی لیکارت الخماسی) ئەنجامی دەکاتە (زۆرجار) هەروەها کە گرنگی ڕێژەییەکەشی (Relative Important) بۆ ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە دەکاتە (%73.25) گرنگی ڕێژەیی هەیە لەلای بەرتوێژانەوە هەروەها لادانی پێوانەیی دەکاتە (1،11)

## تەوەری چوارەم/ هۆی ئاسانکاری پەیوەندییە گشتییەکانی سەرۆکایەتی بۆ گرینگی پێدانی پەیوەندیگیری نێودەوڵەتی بە جەماوەری نێودەوڵەتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

پەیوەندییەکی بەڵگەدارە لەبەر ئەوەی (ئاستی بەڵگەداری -P-value ) بچوکترە لە بەهای (0.05)، کەواتە قبولی گریمانەی ( $H_1$ ) دەکەین و رەفزی گریمانەی ( $H_0$ ) دەکەین.

**خشتەی (11) رووونی دەکاتەوە بەهای پەیوەندی گۆڕاوەکان (قیمة معامل الارتباط)**

| بەهای پەیوەندی گۆراوەکان | ئەنجامی پەیوەندی | بەهای پەیوەندی | ئەنجام پەیوەندی |
|---|---|---|---|
| 0.1 بۆ 0.49 | پەیوەندییەکی راستەوانەی لاوازە | -0.1 بۆ -0.49 | پەیوەندییەکی پێچەوانەی لاوازە |
| 0.5 بۆ 1.0 | پەیوەندییەکی راستەوانەی بەهێزە | -0.5 بۆ -1.0 | پەیوەندییەکی پێچەوانەی بەهێزە |

## ڕۆڵی پەیوەندیەگشتییەکان لە گرینگی پێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جەماوەری نێودەوڵەتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

گریمانەی دووەم: ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە گرینگی پێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جەماوەری نێودەوڵەتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

خشتەی (12) ڕوونی دەکاتەوە ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە گرینگی پێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جەماوەری نێودەوڵەتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

| نموذج Model | المعلمات B | تاقیکردنەوەی ت | ئاستی بەڵگەداری | معامل التحدید | ANOVA Table (F-test) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | درجه الحریه | بەهای تاقیکردنەوەی ف | |
| | | T (اختبار) T-test | (الدلالە) Sig. | $R^2$ | D.F | قیمة F | |
| جێگیر (ثابت) | 1.106 | 5.38 | 0.000 | 0.568 | 1 | 157.742 | |
| پەیوەندییەگشتییەکان | 0.693 | 12.56 | 0.000 | | 120 | 0.000 | Sig. (الدلالە) |

پەیوەندییەگشتییەکان ڕۆڵی نیە لە گرینگی پێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جەماوەری $H_0$ : نێودەوڵەتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی

**$H_0$ پەیوەندیەگشتییەکان ڕۆڵی نیە لە گرینگی پێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جەماوەری نێودەوڵەتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**$H_1$ : پەیوەندیەگشتییەکان ڕۆڵی هەیە لە گرینگی پێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جەماوەری نێودەوڵەتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

خشتەی(12) رووونی کاریگەریی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی مۆدێلی ( Regression Model)، بەگوێرەی بەهای تاقیکردنەوەی ف (ANOVA Table -F-Test): رووونی دەکاتەوە ئەم داتایە گونجاوە بۆ مۆدێلی (Regression Model) چونکە ئاستی بەڵگەداری(.Sig) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (مستوى المعنوي) ی (0.05).

بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (تاقیکردنەوەی ت) بۆ (پەیوەندییە گشتییەکان) دەکاتە (12.56) هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداری (0.000) دەردەکەوێت (پەیوەندییە گشتییەکان) ڕۆڵی هەیە لە ڕەنگدانەوەی لەسەر (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جەماوەری نێودەوڵەتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (.Sig) بچوکترە لە (0.05)، کەواتە قبولی گریمانەی ( $H_1$ ) دەکەین و رەفزی گریمانەی ( $H_0$ ) دەکەین.

هەروەها بەگوێرەی بەهای (معامل التحدید- R2 ) کە دەکاتە (0.568) واتە بەرێژەی (56.8%) ئاستی (پەیوەندییە گشتییەکان) ڕۆڵی هەیە لە لەسەر (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جەماوەری نێودەوڵەتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان) ڕەنگ دەداتەوە، بەواتایەکی تر (پەیوەندییەگشتییەکان) بەرێژەی (56،8%) ڕۆڵی هەیە لەسەر (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جەماوەری نێودەوڵەتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان )

## دەرئەنجامەکان

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:

1- پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵی هەیە لە گرینگی پێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جەماوەری نێودەوڵەتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

2- بە ڕێژەی (30.3%) بەشی پەیوەندییە گشتییەکان گرنگی بە (حکومەتەکانی وڵاتان)دەدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە ئەنجامدانی کارەکانیدا کە بەئاستی یەکەم دادەندرێت.

3- بەشی پەیوەندییە گشتییەکان توانیویەتی پەیوەندییەکی پتەو دروست بکات لەگەڵ وولاتانی تردا لە کۆی 122 کەس 59 کەس بە وەلامی لەگەڵیدام وەڵامی داوەتەوە.

4- لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە هۆکاری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندییکردن و سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆی ئاسانکاری پەیوەندییە گشتییەکانی سەرۆکایەتی بۆ گرینگی پێدانی پەیوەندیگیری نێودەوڵەتی بە جەماوەری نێودەوڵەتی.

5- بەرتوێژان بە ڕێژەی (40.24%) پێیان وایە ئەرکە کارگێرییەکان لە پەیوەندییە گشتییەکانی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا جێبەجێدەکرێت.

6- لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە ئامانجی باشترکردنی وێنای هەرێم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە پلەی یەکەم دێت لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ کتێب بە زمانی عەرەبی:


1- بشير العلاق(2010)، العلاقات العامة الدولية، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان.

10- زينة محمود أحمد(2016)، العلاقات العامة والمزايا التنافسية في المصارف، دار غيداء، عمان.

11- زياد محمد الشرمان و عبدالغفور عبدالسلام(2001)، مبادىء العلاقات العامة، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

12- د. أسامة كامل و د. محمد الصيرفي(2006)،الادارة العلاقات العامة، مؤسسة لورد العالمية للشؤون الجامعية، البحرين.

13- زياد محمد الشرمان و عبدالغفور عبدالسلام(2001)، مبادىء العلاقات العامة، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

14- علي عبودي نعمة الجبوري(2016)، ادارة استراتيجية العلاقات العامة المفاهيم-المارسات- التخطيط، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

15- عبدالرزاق الدليمي(2018)، العلاقات العامة في المؤسسات والشركات مختلفة، الابتكار للنشر والتوزيع، عمان.

16- ان غرينوری(2008)، ادارة حملات العلاقات العامة وتخطيطها، ترجمة: اديب خضور، الاكاديمية سورية الدولية للتدريب والتطوير، سوريا.

17- بول ويلكينسون، العلاقات الدولية مقدمة قصيرة جدا"، ت: لبنة عماد تركي، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، مدينة النصر، 2013.

18- شدوان علي شيبة، العلاقات العامة بين النظرية والتطبيق، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، 2016.

19- غيريسون كيرك و والتر شارب، راجع د. ناصيف يوسف حتي: النظرية في العلاقات الدولية، دار الكتاب العربي، بيروت، 1985.

20- د. أشواق عباس، الغلاقات العامة الدولية، من منشورات الجامعة الافتراضية، جمهورية العربية السورية، 2020.

21- علي همشري، الادارة الحديثة للمكتبات ومراكز المعلومات، مؤسسة الرؤى، عمان، 2001.

22- محمد عبدة حافظ، العلاقات العامة، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، 2009.

23- رجي مصطفى عليان و د. عدنان محمد الطوباسي، الآتصال والعلاقات العامة، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، 2005.

24- عبدالرزاق محمد الدليمي، العلاقات العامة والعولمة، دار جرير للنشر، عمان، 2005.

25- محمد عبدالفتاح الصيرفي، د. أسامة كامل، مبادىء التنظيم والادارة، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، 2006.

26- عبدالرزاق الشيخلي، فخري جاسم سلمان، فضيلة صادق زلزلة، العلاقات العامة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، 1980.

27- علي جبار الشمري، الأساليب العلمية في ممارسة العلاقات العامة، العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، 2011.

28- كرم الشلبي(1994)، معجم مصطلحات الاعلامية، انجليزى- عربي، لا دار نشر.

**دووەم/ نامەی ماستەر بە زمانی عەرەبی:**

1- عمر حسن فهمي سعيد الحيدري(2006)، العلاقات العامة ودورها في تطوير العلاقات الدولية، دراسة مسحية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الاعلام، قسم الاعلام والعلاقات العامة.

2- باسل هليل خضر(2014)، أثر الشمول في مفهوم القوة على العلاقات الدولية، رسالة ماجستير منشورة، جامعة الأزهر، غزة، كلية الدراسات العليا.

3- كوش مراد(2007)، العلاقات العامة وادارة الازمة دراسة تجربة شركة خطوط الجوية الجزائرية كنموذج، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في علوم الاعلام والاتصال.

4- الحاج الفضل الطاهر(2014)، دور العلاقات العامة في تحسين صورة السودان لدى العالم الخارجي، بحث مقدم لنيل درجةدكتوراه في علم الاتصال، قسم العلاقات العامة والاعلان.

**سێیەم/ گۆڤار بە زمانی عەرەبی:**

1- سجى كوكزة(2022)، ماهي وظائف العلاقات العامة في المؤسسات العامة، 4 نوفمبر، تم الاسترداد من: //https: e3arabi.com

2- - محمد عبدالكريم يوسف(2022)، العلاقات العامة في الاقتصاد والدبلوماسية، الصدى، 17 اذار .

## The Role of public Relations in the Importance of International Relations in the Presidency of Kurdistan Parliament

**(Research extracted from the 'PhD thesis)**

**Phd student. Awaz Hassan Ismail**

Department of media, college of art, Salahaddin Unevesity, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Awaz.dizaye@epu.edu.iq

1- Asst. Prof. Dr.lana sabir saeed

Department of Public Relation, college of humanities,slemane university, slemane, Kurdistan Region, Iraq

Lana.mohammed@unvisul.edu.iq

2- Asst. Prof. Dr. Azad Ahmad Mahmood

College of technology Erbil,Erbil polytechnic Unevesity

Azad.mahmood@epu.edu.iq

Abstract:

This research entitled (The Role of Public Relations in the Importance of International Relations in the Presidency of the Kurdistan Parliament) is related to the role that public relations plays in The Presidency of the Kurdistan Parliament is open to the international community, because the public relations environment in the Kurdistan Region has undergone major changes in all areas Therefore, the researcher in this study presents this role scientifically. This study is descriptive, to obtain detailed data and information using the survey method. The research community includes the employees of the Presidency of the Kurdistan Parliament man and committees, media, protocol, and research center) which numbers (122) employees of both male and female, the most important of which The researcher concluded that public relations has a role in giving importance to international relations to the international public, and the public relations department has been able to establish strong relations with other countries.